## پرسە و سەرەخۆشی کۆچی کت و پڕی هونەرمەندی ناودار مەرزیە خان

بە غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی هونەرمەند مەرزیە فەریقی مان پێگەیشت سەرەتا سەرەخۆشی لە خۆمان دەکەین کە زۆر لە ئەندامانی تیپەکەمان دەیان جار هاوکاری ئەو هونەرمەندە بەتوانایە بووینە لەسەر شانۆ بۆ گەیاندنی دەنگی گەلەکەمان بە جیهانا. گومان لەوە دانیە ئەو کۆچە ناوەخت و کت و پڕە کۆستێکی گەورەیە لە کاروانی هونەری کوردیمان.
پرسەو سەرەخۆشی هەموو ئەندامانی تیپەکەمان ئاراستەی هونەرمەندی گەورە و هاوسەری مەرزیە خانی نەمرمامۆستا ناسری ڕەزازی وبنەماڵەکەیان و هەموو هونەرمەند و هونەردۆستێك دەکەین، داوا لە یەزدانی مەزن دەکەین پاداشتی ئەو هەموو خزمەتەی مەرزیەی نەمر بەهەشتی پان و بەرین بێت و تەمەن درێژی بۆ مناڵەکانی ئەو دایکە دڵسۆزە بێت کە سەرتاپای ژیانی تەخانکردبوو بۆ سەرفرازی گەلەکەی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تیپی مۆسیقای ئازادی
azadi_music@hotmail. com